سەرۆک وەزیران و سەرۆک کۆماری ئۆکرانیا جەخت لەسەر گرنگی کۆبوونەوەی لێژنەی هاوبەشی نێوان هەردوو وڵات دەکەنەوە

محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و ڤۆلۆدیمیر زێلێنسکی، سەرۆک کۆماری ئۆکرانیا جەختیان لە گرنگی کۆبوونەوەی لیژنەی هاوبەشی عێراق و ئۆکرانیا کردەوە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند" محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران پێیوەندییەکی تەلەفۆنی لەلایەن ڤۆلۆدیمەر زێلێنسکی، سەرۆکی ئۆکرانیا پێگەیشت، کە تیایدا بانگهێشتنامەیەکی فەرمی پێشکێشکرد بە سەرۆک وەزیران بە بەشداریکردن لە کۆنگرەی (ئاشتی لەئۆکرانیا) کە لەمانگی داهاتوو لە سویسرا بەڕێوەدەچێت.

ئاماژەی بەوەشکرد لەم پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا گفتوگۆکرا لەسەر پێیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵات و گرنگی کۆبوونەوەی لیژنەی هاوبەشی عێراق و ئۆکرانیا بە بەرزکردنەوەی ئاستی هاوکارییە ئابووری و بازرگانییەکانی نێوان هەردوو وڵات، هەروەها هاوکاریکردن لە بوارەکانی ئاسایشی خۆراک و وزەدا.

بەیاننامەکە وتی: هەر سەرۆك تیشکیان خستەر سەر کاری کەمپانیا ئۆکراینیەکان کە لە عێراق

کاردەکەن و هەنگاو و کارەکانی حکومەت لە دابینکردنی ژینگەی وەبەرهێنانی لەبار کە هاندەری کار و وەبەرهێنان بێت.